# تەوەری نووسەرو فەتوا



ئا: ئیدریس عەلی

لەماوەی رابردوودا کۆمەڵێك نووسەر بەهۆی گوزارشتکردن لە بیروباوەڕی تایبەتی خۆیانەوە لە نووسینەکانیاندا، روو بەڕووی هەڕەشەو فەتوا بوونەوە، بوونی هەڕەشەو فەتواو دادوەریکردن بەسەر نووسین و بیروباوەڕی نووسەران و رۆشنبیرانەوە، دەبێتە هۆی درووستکردنی کەش و فەزایەکی مەترسیدارو هەڕەشە لەسەر ئازادیی نووسین و بیروڕا گەرمتر دەکات، لەم تەوەرەدا قسە لەسەر هۆکارەکانی دەرکردنی فەتواو ئاکامە مەترسیدارەکانی دەکرێت، بە تایبەت جەختکردنەوەیەکی جدی هەیە لەسەر بوونی زەمینەی ئازاد بۆ نووسین و سەربەستیی رادەربڕین...



## سەباح بەرزنجی:

## پشێوی فەتواو پشێوی نووسەریش هەیە!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە شرۆڤەکردنی چەند چەمکێکی ناو پرسیارەکەتان هەیە، یەکەم : فەتوا چییە و مەرجەکانی چین، فەتوا لە زمانی عەرەبیدا ئیسمی مەصدەرە لە فرمانی (أفتی یفتی) واتە روونکردنەوەی بڕیار، مەبەست لە ئیسمی مەصدەر ئەوەیە کە ئەبێ کارەکە هەبێت ئینجا ئەوەی کە پەیدا دەبێت لەو کارە ناوێکی بۆ دادەنرێت کە لە ماددەی فرمانەکە دروستدەکرێت، واتە کە کەسێکی زانا بڕیاری لە سەر وەسفی شەرعیی کارێك دا، ئەو بڕیارە ناو دەنرێت (فتوی) یان (فُتوی) ، بەڵام لە زاراوەی زانایانی شەریعەتدا فەتوا بریتییە لە دیاریکردنی وەسفی شەرعیی کارێك و دەرەنجامی ئەو وەسفە لە بەرپرسیارێتی. واتە ئەگەر کەسێك بە هۆشیاریی خۆی و بەبێ بوونی گوشار و زۆرلێکردن و بەبێ بوونی پاساوێکی گونجاو، قسەیەك یان کارێکی کرد، پەیوەست بە خۆی یان ئەویتر، لە بابەتە جیاجیاکانی ژیانی رۆژانەیداو ئینجا خودی کەسەکە یان کەسێکی تر بیەوێت بزانێت ئەو قسەیە، ئەو کردەوەیە لە ترازووی هەڵسەنگاندنی شەرعیدا چ نرخ و بەهایەکی هەیە و لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە چ لێپرسینەوەیەك ڕوو لە خاوەنەکەی دەکات، ئەم پرۆسەیە پێی دەگوترێ: ئیستیفتا و ئیفتا و بڕیارە کۆتاییەکەش دەبێتە فەتوا. کەواتە هەموو فەتوایەك پێویستی بە سێ ڕەگەز هەیە: موستەفتی (پرسیار کەر)، موفتی (فەتوادەر)، بابەتی فەتوا (کە ڕەنگە قسە یان کردەوە یان مامەڵەیەك بێت). سەبارەت بە موستەفتی دەگونجێت هەر کەسێك بێت و هەموو کەس بۆی هەیە پرسیار لەسەر کاری خۆی و کاری ئەویتر بکات، موفتیش ئەو کەسەیە کە خاوەنی بڕوانامەیەکی متمانەپێکراوی شەرعی بێت بە جۆرێك کە مافی فەتوادانی پێبدات، نەك هەرکەسێك هەستا و هەندێك ئایەت و فەرموودەی لەبەربوو، یان قسەزان و لەبلەبان بوو، یان سیمایەکی ئایینی پێوەبوو، یان ماوەیەك لە حوجرە و مزگەوت خوێندبووی، یان واعیزێکی باش بوو لێمان ببێتە موفتی و بڕیاردەری کاروباری ئایینی. کە دیارە پلەی موفتی پلەیەکی بەرز و بایەخدارە و بە ئاسانی مرۆڤی ناگاتێ و پێویستە لەلایەن زانایانی وڵاتەوە کەسی بۆ کاندید بکرێت و دەسەڵاتی سیاسی وڵات بڕیاری لێبدات. بەشێکی وەڵامی پرسیارەکە پەیوەستە بەوەوە کێ دەبێ فەتوا بدات لەسەر ڕووداوەکان؟ خەڵکی پرسیاری شەرعی لە کێ بکەن؟ واتە هەم کەسانی فەتوا دەر دەبێ دیاربن و بناسرێن، هەم خەڵکیش دەبێت بزانن چ کەسێك گەیشتووە بەو پلەیە بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکەن، لە هەمان کاتدا پێویستە دەزگایەکی فەرمیی واش لە وڵاتدا هەبێت کە ڕێگا بگرێت لە پەشێوینانەوەی فەتوا، چونکە ئەگەر کەسانێکی زۆریش

موفتیمان هەبێت، بەڵام لە چوارچێوەی دەزگایەکدا نەبن ئەوە دەبێتە هۆی کێشەنانەوە لە ناو خەڵکدا، کە ئەمەش کاری دەسەڵاتی سیاسییە بە تەنسیق لەگەڵ دەزگای ئاینیی وەزارەتی ئەوقاف و زانایانی ئاینی هەستن بە دامەزراندنی (دار الفتوى)، بۆ ئەوەی خەڵکی دیندار و تەنانەت بێدینەکانیش سەریان لێنەشێوێت و سنوورێك بۆ ئەو فەوزایەی دروست بووە لە مەڕ فەتوای ڕۆژانەی خەڵکانی نامەسئوول دابنرێت. وەك چۆن هەرکەسێك خاوەنی بڕوانامەی یاسابوو بۆی هەیە ببێتە ئەندام لە سەندیکای پارێزەراندا، بەڵام مەرج نییە ببێتە قازی و مەرج نییە بە کەیفی خۆیشی لەهەموو دەعوایەکدا خۆی هەڵبقورتێنێت، بەڵکو بوونە قازی و بوونە پارێزەریش یاسا و ڕێسا و ئیجرائاتی تایبەتی هەیە و تەنانەت قەزاوەتیش پلەبەندی کراوە و لە قانووندا بواری پسپۆڕی و مەرجگەلێکی ناوەرۆکی و شێوەیی بۆ دیاریکراوە، بۆ ئەوەی فەوزا دروست نەبێت و پارێزەرانیش لەسەر بنەمای یاسا و ڕەچاوکردنی ئەخلاقییاتی پیشەکەیان موحامات دەکەن، بە هەمان شێوەش مامۆستای ئاینی و خوێندەواری ئاینی پێویستیان بە یاسا و سنوورێکی دیاریکراو هەیە.

دووەم: نووسەر کێیە؟ ئەمیش بۆ خۆی ئیشکالێکی تری ناو پرسیارەکەیە، مەبەست لە نووسەر چییەو چ کەسێك نووسەرە؟ ئایا هەر کەسێك بزانێت دوو دێڕ بنووسێ و دوو پرسیار و دوو گومان لە ڕۆژنامەو گۆڤارێکدا بووروژێنێت دەبێتە نووسەر؟ هەرکەسێك بڕوانامەیەکی وەرگرت و قاتێکی لەبەرکرد، یان حیزبێك لە ڕۆژنامەیەکدا داینا و کاری پێکرد دەبێتە نووسەر؟ بەم قیاسە بێت ئێمە نووسەرمان لە دوکاندار و جوتیار و کرێکار زیاترە! وڵاتی ئێمە وێرای پشێویی فەتوا، پشێویی نووسەریشی هەیە، زۆر کەسمان لێ بووە بە نووسەر و ڕۆژنامەوان بەبێ ئەوەی مەرجە پێویستەکانی تێدا بێت و بە بێ ئەوەی سنووری کارەکەی و ئەدەبیات و ئاکاری نووسین بزانێت و ڕێز و حورمەت بۆ قەڵەم و نووسین دابنێ. ئەمانیش لەگەڵ بوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و یەکێتیی نووسەران نەیانتوانیوە کولتووری نووسین بە شێوەیەك بڵاوبکەنەوە، کە نووسەری ڕاستەقینە لە نووسەری درۆینە جودا بکرێتەوە.

سێیەم: هەم نووسەران و هەم موفتییان لە فەزاو فەنتازیای تایبەتیدا دەژین و پێیان وایە دەبێت ڕەوت بە کۆمەڵگا بدەن و لە ئەنجامدا لەسەر نفووز و دەسەڵاتی مەعنایی ناو خەڵك تێکدەگیرێن، لە هەر دوو لاوە هێرش بۆ سەر ئەویتر دەستپێدەکات، چونکە بوونی دوو فۆرم و دوو لۆجیکی جیاواز و دوو جیهانبینیی جیاواز هەر ئەو حاڵەتی دژایەتییەی لێدەکەوێتەوە کە ئێستا دەیبینین لە نێوان بەشێك لە موفتییان و هەندێك لە نووسەران، کە دەگاتە هەڕەشە و گوڕەشە و باری مەترسیداریش.

لە بنەڕەتدا هەڕەشە و توندوتیژی کاتێك دەست پێدەکات، کە لۆجیکی قسەو گفتوگۆ کۆتایی پێهاتبێت، دیارە تەنها ئەوانەش لەسەر گفتوگۆی ئارام و ئامانجدار بەردەوام دەبن، کە بۆ خۆیان کەسی حەقخواز و هەڵگری بارێکی مەعریفیی سەنگین و ڕاستەقینە بن،و هەرەشەش لە شوێنێك پەرە دەستێنێت کە یاسا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەوتۆی لە سەر چاودێریی ڕەوتی کۆمەڵگا نەمابێت. ئەمن هەرچەند حەق نادەم بە هەموو کەسیکی سەر میمبەر کە موفتیی شەرعی بێت و پێم وایە لە کەمیاندا مەرجەکانی فەتوا هاتووەتە دی، لە هەمان کاتدا حەق نادەم بە زۆر نووسەریش کە قسە لەسەر بابەت و پرسە ئاینییە هەستیارەکان بکات، چونکە ئەوانە زۆریان ماوە بۆ ئەوەی تەنانەت لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و تێکستە فیقهی و کەلامی و فیکرییەکانی ئیسلام تێبگەن، بۆیە لە ڕاستیدا پێویستە سەرەتا سەرزەنشت و لۆمەی ئەو نووسەرانە بکرێت کە ئاوەها بێباکانەو دوور لە بابەتیبوون و بێلایەنی فوو لە خۆری ڕۆشن و ڕۆشنگەریی ئیسلام دەکەن و بەو خەیاڵەوە دەژین کە پایەکانی بڕوا لە ویژدان و ژیریی ئەم کۆمەڵگایە سست بکەن و ئەم کارەشیان بە شێوەیەکی بێ پەردەو لە ژێر باڵی دەسەڵاتی کوردیدا و بەناوی ئازادیی ڕادەربڕین و بەپاساوی پێشخستنی وڵات ئەنجامدەدەن و بیانەوێت و نەیانەوێت هەست و نەستی زۆرینەی خەڵك بریندارەدەکەن، ئەبێت لەپاش ئەو جۆرە کارە چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەك بین لە کەسانی

دیندار به تایبەت لە مامۆستایانی ئاینی کوردستان؟ بەتەمابین ئافەرینیان بۆ بکەن و بەباشی ناویان ببەن؟ یان بەتەمای ئەوەبین بێدەنگ بن و داکۆکی لە پیرۆزییەکان و بەهاو بایەخە ئاینییەکان نەکەن؟ واتە نووسەران خۆیانن بە خراپ حاڵیبوون لە مافی ئازادی و خراپ مومارەسەکردنی ماف و ئەرکی نووسین و رۆشنگەری ئاگر لە ویژدانی خەڵکی بەردەدەن و دەبنە بەشێك لەو فەزای توندوتیژی و هەرەشەیەی جاروبار ئاسۆی ئەم وڵات و نیشتمانە دادەگرێت. بەڵام مەرجیش نییە هەموو فەتواکان رەوابن و پەلە پەلی تێدا نەبێ و لەخراپ حاڵیبوون و گوزارشتی ناتەواوەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، وەك چۆن مەرج نییە هەموو نووسینەکانیش پەیامێکی جیددی و راستەقینەیان پێبێت یاخود لەسەر بنەمایەکی زانستی و کولتووری پتەو روونرابێت.

بەم پێیە دەتوانین ئەم جۆرە هەرەشانە ببەستین بە چەند هۆکارێکەوە:

١-لێکدابڕانی نێوان هەردوو تەوژمی ئیسلامی و عەلمانی بە شێوەیەك کە تابێت گۆشەی نێوانیان زیاتر دەکرێتەوە و بە تەواویش نازانن لە چیدا کۆکن و لە چیدا ناکۆکن و لە ئەنجامدا وێنایەکی خراپیان لەسەر یەکتر بۆ دروست دەبێت و شەڕی دەسەڵاتیش لەسەر شەقامی فیکری و ئایدۆلۆژی ئەوەندەی تر زبر و توندیان دەکاتەوە.

٢-دیاری نەبوونی سنوورەکانی ماف و لێپرسینەوەی نووسەران و وتاربێژان، بە شێوەیەك نووسەر بەناوی مافی ئازادیی رادەربڕینەوە رێگا بە خۆی دەدات تەنانەت یاساکانیش پێشێل بکات و کەس لە گوڵ کاڵتریشی پێنەڵێت، لە هەمان کاتدا وتاربێژیش بە ناوی بەرگری لە دینی خودا و پاراستنی پیرۆزییەکان هەڵوێستی توندو تیژ بەرامبەر ئەو جۆرە نووسەرانە دەنوێنێت، هەرچەندە یاسای سزادانی عیراقی لە ماددەی ٣٧٢ باسی ئەو تاوانانەی کردووە کە هەستی ئاینی بریندار دەکەن و سزاشی بۆ داناون و لە ماددەکانی ٤٣٠ و ٤٣١ و ٤٣٢ دەقی لەسەر تاوانی هەرەشە و تۆقاندن و سزاکانیشی داوە، بەڵام تا ئێستا نەمانبینی نووسەرێك لەسەر بێڕێزی نواندن و سووکایەتی بە ئیسلام سزادرابێت! هەرچەندە دیومانە مەلا و خەتیبەکان لەسەر روونکردنەوەی حوکمی شەرعی ئەزیەتدراون، بەڵام بە شێوەیەکی دوور لە یاسا و بەبێ بوونی دادگایەکی ئاشکرا!

٣-گومان هەیە لەسەر ئەوە لە هەردوولا کەسانێك هەبن پێویستیان بە وروژاندنی ئەم جۆرە شتانە هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەجندەیەکی سیاسی و بۆ تێکدانی باری کۆمەڵایەتی و ڕەوتی تەبایی و دۆستایەتی و یەکپارچەیی ناو گەلی کوردستان. هەرچەندە مەرجیش نییە هەموو نووسەرێك و هەموو وتاربێژێك خراپ بێت یان کار بۆ ئەجندەیەك بکات، بەڵام بێگومان زۆرن ئەو هێز و لایەنانەی چاویان بە کوردستان و گەلی کورددا هەڵنایە و خەڵکێکیش بە نەزانی و بەبێ درایەت خزمەت بە نەخشەو سیناریۆکانیان دەکەن.

٤-بێدەنگبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ئەو بێحورمەتی و سووکایەتییەی ژمارەیەك بەناو نووسەری یاخی و نامەسئوول دەرحەق بە پیرۆزییەکانی ئیسلامی دەکەن، بەشێوەیەك کە دینداران هیچ چارەیەکیان نەماوە جگە لە هاوارکردن و ناڵەناڵ و خۆ تووڕەکردن لەو ڕەوشە نەویستراوە فەرزکراوە سەپێنراوە! بۆیە وتاربێژان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن کە ڕبەدەم نارەزایی دەربڕن و بە بێ هەڵوێستەکردن فەتوای توند و تیژیان لەسەر بدەن.

٥-ڕەچاونەکردنی دەستوور و یاسا و ئەدەبیاتی گفتوگۆ و پێکەوەژیانی ئیجابیانە لە هەردوولاوە، ئەوەندەی تر برەوی بەم حاڵەتی هەرەشەو گورەشە و بەیەکتر هەڵشاخانە داوە.

هیوادارم ئەو نووسەرانە پێش هەمووشتێك بە خۆیان و قسەو بۆچوونەکانیاندا بچنەوە و سەرەتا دوور لە راگەیاندنی چەواشە و تەماعی پلەو پایە چەند رۆژێك فێری ئەدەبی نووسین و ئەدەبی رادەربڕین و مونازەرە ببن، ئەوسا نزیکی پرس و بابەتە ئاینییەکان ببنەوە، هەروەها هیوادارم زانا ئاینییەکانیش زۆر بە وردی نووسینی نووسەران و بەرهەمی کەسانی دیکە بخوێننەوە و هەموو قسەیەکی نەگونجاویش بە کوفر و بێبڕوایی

ناوزەد نەکەن تا نەچنە بنج و بناوانیەوە و تا بە تەواوی لە مەبەستی نووسەر و ئەنجامەکەی دڵنیا نەبن.

بێگومان نووسەری راستەقینە پێویستی بە فەزا و دنیایەکی دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ و دوور لە هەڕەشەو تۆقاندن هەیەو بە بێ فەراهەمکردنی ئەم فەزایە نووسەری پەیامدار ناتوانێت بە جوانی و بەڕوونی پەیامەکەی بگەیەنێت، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت ئێمە نووسینمان لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی تاك و کۆمەڵدا بەلاوە گرنگ و پیرۆزە و هەرگیز رازی نابین کەسێك ئەوەندە ئازاد و رەها بێت، کە سنورەکانی ماف و پیرۆزییەکانی خەڵك ببەزێنێت و بە ناوی ڕەخنە و رۆشنگەری و هەر دروشمێکی دیکەوە، هەست و نەستی ئاینیمان بریندار بکات، چونکە ئاین بۆ خۆی بەش و ڕەگەزێکی نەپچڕاوی شوناسی گەلەکەمانە. کەواتە وێڕای جەختکردن لە سەر ئازادی رادەربڕین و پەیامگەیاندن، دەبێت جەخت لەسەر چوارچێوەی ڕێز لە بیر و بڕوا و پیرۆزییەکانیش بکەین.

پێویستە بەیاسا سنوورێکی رۆشن و بەرجەستە و مەلمووس بۆ هەموو کەسێك بە تایبەت نووسەران و وتاربێژان دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بە شێوەیەکی یاسایی و گونجاو مومارەسەی مافی نووسین و رادەربڕین بکات و هەموو کەسێك دڵنیا بێت لە سەروەری و شکۆی خۆی و دڵی شاد بێت بە حورمەت و ڕێزلێگیرانی بیر و بڕواکەشی. یەکێتیی زانایان و یەکێتیی نووسەران و سەندیکای رۆژنامەنووسانیش پێویستە رۆڵی ئیجابی ببینن لە وریاکردنەوە و ڕەوتپێدانی ئەندامەکانیان و پێکەوە بە میکانیزمی وۆرکشۆپی هاوبەش و کاری هاوبەش، کۆتایی بە خراپحاڵیبوون و لێکدابڕانی نێوانیان بدەن و دەسەڵاتی سیاسیی کوردیش پشتگیری لە هەموو مافێکی یاسایی و هەموو ڕەخنەیەکی بنیاتنەری زانستی بکات.

لە هەمان کاتدا پێویستمان بە بوونی چاودێرێکی زاتیش هەیە لە خودی خۆماندا بۆ ئەوەی لە نووسین و لە وتاردان و هەڵوێستوەرگرتندا، ئاگاداری ماف و حورمەت و ڕێزی خەڵکی و کەسی بەرامبەر بین و هەمیشە خۆمان بە دوور بگرین لە شێوە نووسین و قسەی شێتانە و هەڵچوونی نەزانانە و بزانین بۆچی دەنووسین و بۆچی دەدوێین؟!



## عادل باخەوان:

# هەر هەڕەشەکردنێک لە ئاین، ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەیەک دەخاتە مەترسییەوە!

کوردستان وەک پانتاییەکی نە ئاینی و نە لایک، لە ئێستادا بووە بە مەیدانی ململانێیەکی توندو درێژخایەنی هەر یەکێک لەو دوو پرۆژەیە. ئایا لایسیتیَ ئاینیزە دەکەین یان ئاین لایسیزە دەکەین؟ ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکییەیە کە دەبێت بە گرەوی پەنجا ساڵی داهاتووی نەوە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان. لە پشت هەر یەکێک لەم دوو پرۆسێسەوە چەندین ئەکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کارا هەن و بەردەوام کار بۆ جێبەجێکردنیان دەکەن. بەسنوری بەهێزبوونی هەریەکێکیان ئەوی دیکەیان دەکەوێتە بەر هێرش و هەڕەشەوەو دواتر یان دەبێت خۆی ڕابێنێت لەگەڵ براوەدا یان پەراوێزدەخرێ و لەبیردەچێتەوە.

لە ئێستادا هیچ یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەو دوو پرۆسێسە یارییەکەیان نەبردووەتەوەو هیچ یەکێک لەو دوانە هێندە بەهێز نین کە ڕەوتی ڕووداوەکان یەکلایەنە دیاری بکات. دەرکردنی ئەو فەتوایانەش و ئەو هەڕەشانەش کە لە نووسەران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران دەکرێت، بەشێکی زۆریان دەخرێتە ئەم چوارچێوەیەوە. ئەمە مانای ئەوەنیە کە هاودەنگبین لەسەر هەموو ئەوەی کە دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە دژ بە ئاین، بەڵکو زیاتر مانای ئەوەیە کە تاچەندێک ئاین وەک ڕێکخەری ژیان لە پانتاییە گشتییە کوردییەکاندا دووردەخرێتەوەو تا چەندێک لایسیتیَ وەک بنەمایەکی بێلایەن لە بەرامبەر هەموو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا پەیامی ڕێکخستنی پانتاییە گشتییە کوردییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

بۆ ناکرێت ئاین وەک ڕێکخەری پانتاییە گشتییە کوردییەکان قبوڵبکرێت؟ لەبەرئەوەی کە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ژێر مەترسییەوە. بۆ نمونە، ئەگەر ئێمە مەسیحییەتمان وەک ڕێکخەری پانتاییە گشتییە کوردییەکان قبوڵکرد، ئەی چی بکەین لە موسڵمانەکان؟ چی بکەین لە جولەکەکان، ئەوانەی کە ناومان هێنان؟ گەر فەرەنسا، کە لەسەدا هەشتای خەڵکەکەی بە کولتوور مەسیحین، مەسیحیەتی هەڵبژارد وەک ڕێکخەری پانتاییە گشتییەکان، ئەدی ئەو حەوت ملیۆن موسڵمانە فەرەنسییە بۆ کوێ برۆن؟ جولەکەکان، بودیستەکان، مولحیدەکان بۆ کوێ برۆن؟

هەر هەڕەشەکردنێک لە ئاین ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەیەک دەخاتە مەترسییەوە، بەپێچەوانەشەوە، هەر چرکەیەک ئاینێک کرا بە ڕێکخەری پانتاییە گشتییەکان، ئیتر پرانسیپی بێلایەنی لە دەستدەدرێت و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخرێتە مەترسییەوە. ئەو هەموو ڕۆشنبیر و نووسەرانەی کە ئەمرۆ لە کوردستاندا هەڕەشەیان لێدەکرێت قوربانیی یەکلانەبوونەوەی ئەم هاوکێشەیەن، کە ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر پێمان وابێت بەتەنها ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەلایەک و کۆمەڵ و یەکگرتووی لە لایەکی دیکەوە.

نەخێر، لەنێو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و مەڵبەند و لق و ڕێکخستنەکانی پارتی و یەکێتیدا سەدان ئەکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەن کە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن ئاین وەک ڕێکخەری پانتاییە گشتییەکان (تەماشانەکەن). ڕەنگە لە ڕیزی ئیسلامییەکانی کوردستانداو لەسەر ئاستی باڵادا، ئەکتەری بەهێز هەبێت قەناعەتی بەوەبێت کە لایسیتیَ وەک بنەمایەکی بێلایەن دەبێت پانتاییە گشتییە کوردییەکان ڕێکبخات و تائێستاش لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە چەندین ئاماژەی بەم ئاڕاستەیەدا ناردبێت.

واتە ئەمە بەتەنها جەنگی ئیسلامی سیاسی لەلایەک و پارتی و یەکێتی لەلایەکی دیکەوە نییە، بەڵکو جەنگی هەموو ئەو ئەکتەرانەیە کە دەیانەوێت ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا بەرقەرا بکەن لەگەڵ هەموو ئەو ئەکتەرانەدا کە پێچەوانەکەی ئەمەیان دەوێت. مەگەر پەرلەمانتارە (تێکۆشەرەکانی) پارتی و یەکێتی لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا دەنگیان نەدا بە یاسای فرەژنی؟! خۆ هەموو ئیسلامییەکان لە پەرلەماندا تەنها ١٥ کورسییان هەیە، گەر دەنگی (پێشکەوتنخوازەکانی) یەکێتی و پارتی نەبوایە هەرگیز ئەو یاسایە زۆرینەی دەنگی بەدەست نەدەهێنا. بۆیە ئێمە فێڵ لە خۆمان دەکەین گەر پێمان وابێت جەنگی

مۆدێرنیتێ و ترادیسیۆن، جەنگی لایسیتێ و ئاین، جەنگی دیمۆکراسی و تۆتالیتاریسم لە کوردستاندا لەنێوان پارتی و یەکێتی لەلایەک و کۆمەڵ و یەکگرتوو لە لایەکی دیکەوەیە.

بەدیوێکی دیکەدا، ئایا ئەدیب و نووسەر مافی ئەوەیان هەیە کە بەشێوەیەکی ڕەها بنووسن و بڵاوبکەنەوە؟ بێگومان نەخێر. لەهیچ کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتخوازی جیهاندا سنورەکان بە ڕەهایی نەکراونەتەوە. لەهەموو جیهاندا سنور هەیە. پرسیارەکە لێرەدا نییە، بەڵکو لەوێدایە کە کێ ئەو سنورانە دیاری دەکات؟ ئاینەکان و پیاوەکانیان یان ئەو دادگایانەی کە کار لەسەر بنەمای بێلایەنی لایسیتێ کاردەکەن؟

تۆ دەفەرمویت گەرەنتی چییە بۆ ئەوەی ئەم فەتوایانە دووبارە نەبنەوە؟ تاکە گەرەنتی ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی، کە نە بەشێکە لە دەوڵەتێک و نە دەوڵەتێکی سەربەخۆشە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بداتەوە.

گەر ئاینەکان و پیاوەکانیان سنورەکان دیاری بکەن، ئەوە بێگومان نەک هەر فەتوا دەردەکرێت، بەڵکو بەردەرکی سەرا پڕدەبێت لە سەری بڕاو، گەر دادگاکانیش لەسەر بنەمای بێلایەنی لایسیتێ سنورەکان دیارییکەن، ئەوا هەموومان لەسەر پرانسیپی یەکسان و جیاواز، یەکێتی و یەکگرتوو، کۆمەڵ و پارتی، بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمۆنیستی کرێکاری، موسوڵمان و مەسیحی، دیندار و بێدین، دەتوانین پێکەوە بژین.



## مەهاباد قەرەداغی:

## فەتوادەر کە بڕیاری مەرگی کەسێک دەدات، دەیەوێت ڕۆڵی خودا بگێڕێت!

ئازادی بە شێوە گشتییەکەی سیفەتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا، کە بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین ئازادی پێدراوێکی خواییە و پێویستە لە ژیاندا بەکاربهێندرێت. دەربڕینی ئازاد بۆ هەموو کەس پێویستە، بەڵام بۆ بیریار و فەیلەسوف و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، کە بیر دەکەنەوە، کە کاری داهێنان دەکەن، کە ڕاڤەی دیاردەکان دەکەن، کە پرسیار دەوروژێنن و بەرسڤ فۆرمۆڵە دەکەن، پێویستییەکی ژیانی و ژیارییە.

سانسۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە کولتوور دایدەهێنێ و بۆ دژایەتیکردنی سروشت بەکاریدەهێنێت. مرۆڤ بە کۆت و بەندەوە لە دایک نابێت، ئەوە کولتوورێکی سیاسیی سیستەمە دیکتاتۆرەکانە کە مرۆڤ لەسەر ئاکارەکانی و بیروڕاکانی بەند دەکات و بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی دادەنێت.

نووسەرەکان بیردەکەنەوە و دەیانەوێت گومان بخەنە سەر شتەباوەکان و پرسیار لە دەوری دیاردەکان بوروژێنن، بۆیە لە کاتی داهێناندا هەموو دیاردەکانی سروشت و پەروەردگاریش دەبێتە کەرەستەی بیرکردنەوەیان و ئەوەی لەئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەشیان بەرهەم دێت، دەشێ کەسانێکی وشکەبڕوا توورە بکات. ئێمە بۆ ئاساییە بیر و ژیان و ڕەفتارەکانی فەیلەسوفەکان بخەینە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنەیان لێبگرین، بۆ ئاسایی نییە پێغەمبەرەکانیش، کە مرۆڤی ئاسایی وەک ئێمە بوون، بخەینە ژێر پرسیار و لێکدانەوە و ڕاڤەی ئاکار و کردارەکانیان بکەین؟! کەواتە پێویستە کەسانی ئایینی خۆیان ڕابێنن و کار لەسەر مێشکی چەقبەستوویان بکەن، چونکە وشکەبڕوایی بۆ هەموو زەمەنێک جگە لە خولْقاندنی کێشە، هیچ چارەسەرییەکی پێ نییە.

لە وڵاتانی دیکە و لە کوردستانیشدا چەندین جار لە مزگەوتەکانەوە و لە لایەن مەلاکانەوە فەتوا لە دژی نووسەران دراوە. وشکەبڕوایی یەکێک لە سیفەتە هەرە نێگەتیڤەکانی هەندێک لە مەلاکانە، کارێکی وادەکات تەنانەت پێش ئەوەی بابەتێک بخوێننەوە، تەنها بە بیستنی لە لایەن کەسانێکی ترەوە ئەمانیش بڕیاری خۆیان دەدەن و نووسەرەکە تەکفیر دەکەن و بە موشریک و مولحیدی لە قەڵەم دەدەن. ئەو جۆرە کەسانە کەسانی ترسناکی ناو هەرکۆمەڵگەیەکن و وزەی توندوتیژی پەخش دەکەنەوە و دەبنە هۆی بەرپاکردنی ئاشووب لە وڵاتدا.

فەتوا گوزارەیەکی ئایینییە، کە بە گوزارە سیاسییەکەی یەکسانە بە تیرۆری فیکر، کە زۆرجار تیرۆری جەستەییشی لێکەوتووەتەوە، کەواتە فەتوادەر کەسێکی تیرۆریستی فیکر و جەستەیە، چونکە بڕیاری مەرگی کەسێک یان کەسانێک دەدا، لە بەر بیروباوەڕیان. با ئێمە هەر لە گۆشەنیگا ئایینییەکەوە لە دیاردەی فەتوا بڕوانین. مرۆڤ دروستکراوی خودایە. مەرگ و ژیان بە دەستی پەروەردگارە و هەر خۆی بۆی هەیە ڕۆژی کەسێک تەواو بکات، یان ڕۆژی کەسێک دەستپێبکات، کەواتە فەتوادەر کە بڕیاری مەرگی کەسێک دەدات، دەیەوێت ڕۆڵی خودا بگێڕێت، کە ئەمەش بە پێی هەموو ئایینەکان گوناهێکی گەورەیە دەرهەق بە خودا، کە بە گوزارە سیاسییەکەی دەکاتە تاوان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی.

لە کوردستاندا چەند جارێک فەتوا بۆ نووسەران دەرچووە و لە دۆخی کوردستاندا هۆکار و ئەنجامەکانیشی زیاتر سیاسی بوون نەک ئایینی. کوردستان بەرەو دیموکراتی هەنگاو دەنێ و ئەگەرچی هێشتا هەنگاوەکان سەرەتایین، بەڵام گرنگ ئەو مەیلەیە کە لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ دیموکراتیزەبوون هەیە و مەیلێکی زۆر بەهێزیشە. هەندێ لایەن و گروپ دیموکراتی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیان دەبینن، چونکە لە کەشی دیموکراسیدا بیروباوەڕی ئەوان گەشە ناکات و دەکەوێتە بەر ڕەخنەوە، بۆیە وەکو میکانیزمێکی بەرگری لە وشکەبڕوایی، چەکی فەتوا بەکار دەبەن.

لە کوردستاندا پێویستە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن خێراتر بکرێتەوە و هەموو ئامرازە مرۆیی و ڕەواکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیموکراتییەکی لیبراڵ بخرێتەکار. لەو پرۆسەیەدا هەموان فێردەبن لەجیاتی فیشەک وشە بەکار ببەن و لە باتی مۆنۆلۆگ لەگەڵ غەریزەکانی خۆیان، دیالۆگ لەگەڵ ئەوانیتردا بکەن. دیالۆگ لێکتێگەیشتن دەخولْقێنێ و بیروڕاکانیش ڕوونتر دەکاتەوە و دەشێ لێکنزیکبوونەوە دروست بکات، بەڵام توندوتیژی و ملهوڕی و وشکەبڕوایی لێکترازانی بەردەوام دەخولْقێنێ و دەشێ تاوانیشی لێبکەوێتەوە. هیوادارم ڕووناکبیر و نووسەرانی کوردستان دەستپێشخەر بن و بنیادنەری ئەو کەشە دیموکراسییە بن، کە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان پێویستییەکی ژیارییە.



## سەلام عەبدولکەریم:

# ڕۆشنبیران خۆیان گرفتیان بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دروستکردووە!

ڕەنگە لەئێستا بابەتێکی گرنگو هەستیار کە پێویستە هەموومان بەجدییەوە گفتوگۆو بیروڕای لەبارەوە بگۆڕینەوە لەکایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا بریتی بێت لەئازادیی ڕادەربڕینو ئایندەی ئەم جۆرە لەئازادی. بەجۆرێك بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین خەریکە پانتاییو فەزای ئازادیی ڕادەربڕین بەرتەسك دەبێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیماو بیروبۆچوونە جیاوازەکان. بەشبەحاڵی خۆم بڕام وایە ئەو کاتەی ئازادیی نووسینو ئازادیی قسەکردنو ڕادەڕینی یەکێك لەئێمە قەدەغە دەکریو سانسۆر دەخرێتە سەری، ئەو چرکەساتەیە کە هەموومان دەکەوینە بەردەم ئەو سانسۆرکردنو قەدەغەکردنەوە. ئەگەر تادوێنێ لەکایەی نووسینو ڕۆشنبیریی ئێمەدا ئازادیی ڕادەربڕینو ژمارەیەك لەنووسەرو ڕۆشنبیرە عەلمانیو چەپەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەو وەڵامدانەوەو بڕیار لێدانی بەشێك لەمامۆستایانی ئاینی بووبێتنەوە، ئەوا هەندێ ڕووداوی دواتر بەتایبەت قەدەغەکردنی زنجیرە درامای (لیا) کە لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی یەکی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامییەوە بەرهەم هاتبوو وەك کولفەی تێچوونی ماددیو زنجیرە دراماکەش شەقڵێکی ئیسلامییانەی وەرگرتبوو، بەڵام لەلایەن ژمارەیەك لەمامۆستایانی ئاینیو کادیرانی حزبی ناوبراوەوە بەبیانووی نەگونجانی لەگەڵ ئادابی ئیسلامیدا پەخشکردنی قەدەغەکرا. هەروەها بەشێك لەو نووسینو ڕەخنانەی کە هەندێ لە ڕۆشنبیرە سەربەخۆ ئیسلامییەکان لەکوردستاندا ئاراستەی گوتاری ئاینیو ئیسلامیو ئەدای سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئیسلامییەکانی دەکەن، بەتوندی وەڵام دەدرێنەوە. بۆیە لەبنەڕەتدا کێشەی قەدەغەکردنو سانسۆرکردنی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی قسەکردن کێشەی هەموومانە. بۆیە گرنگە قسە لەبارەی ئایندەی ئەمجۆرە لەئازادییەوە بکەین.

ڕەنگە من لێرەوە تێبینی ئەوە بکەم کە خەریکە کێشە لەسەر ئازادی ڕادەربڕینو قسەکردن لەنێوان ڕۆشنبیرانو نووسەرانو مامۆستاو مەلایانی بەڕێزدا دروست دەبێ، بەجۆرێ پێدەچێ هەڵەنەبین گەر ئەم کێشەیە ناو بنێین قەیرانی دابڕانو دوورکەوتنەوەی ئەو دوو چینەی کۆمەڵگەی کوردی لەیەکتری. چونکە پێشتریش لەزنجیرە درامای (ئاریا)وە مامۆستایانی ئاینی زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ هەموو لایەك لێدا، کە هەر کارێکی هونەریو هەر نووسینو قسەکردنێك بەلێکدانەوەی ئەوان سوکایەتیو ناوزڕاندنو تەشهیرو تەنانەت ڕەخنەیشی تێدابێت بۆ ئەوانو بۆ بنەماکانی ئاینی ئیسلامو ئادابی ئیسلامی ئەوان دژایەتیی دەکەن. وا هەست دەکەم قەیرانی ئازادیی ڕادەبڕین بەتەنها پەیوەست نەبێت بەمامۆستایانی ئاینیو پانتایی ئاین خۆیەوە، بەڵکو جارێ بەشێکی زۆر لەئازادییەکان لەکوردستاندا نەخەملیون، چونکە قسەکردن لەبارەی سێکسو دەسەڵاتیشەوە دیسان خەریکە دەبێتە هێڵی سوورو ڕووداوی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) لەگۆڤاری (لڤین)

بەڵگەیەكی تری بەرتەسكبوونەوەی ئازادیی قسەكردنو ئازادیی رادەبڕینە. بۆیە ئەگەر ئازادی رادەربڕین لەلایەن هێزو گروپە كۆمەڵایەتییەكانی نێو كۆمەڵگەی كوردییەوە سانسۆرو قەدەغە بكرێ، ئەوا ژمارەیەكی زۆریش لە رۆشنبیرانو نووسەران خۆیان گرفتیان بۆ ئازادیی رادەرەبڕینو قسەكردن دروستكردووە. چونكە ئەگەر بڕوانینە نووسینو بیروڕای بەشێكی زۆر لەو نووسەرو رۆشنبیرانە لەكتێبو وتارو بڵاوكراوەكانیاندا لەبری نووسینی زانستیو لەبری توێژینەوەی بابەتیو راڤەی جیاواز خەریكی بەرهەمهێنانی كۆمەڵێ جنێو و تۆمەتباركردنی ئاینو دەسەڵاتن، واتە كەمتر مەرجی زانستی لەنووسینەكانیاندا بەدی دەكرێ، كە هەرگیز ناتوانین ئێمە ئەو كتێبو نووسینو قسەكردنانە بخەینە خانەی خوێندنەوەی نوێی ئاینیو رەخنەی زانستیو بابەتییەوە. بۆیە بەشێك لەو نووسەرو رۆشنبیرانە سوكایەتی بەرهەم دەهێنن، كە هەر ئەمەش وایكردووە دەنگی نارەزایی لەبەرامبەر نوسینی زانستیو قسەكردنی جیاوازدا بەرزبێتەوە. بۆیە وەك فەیلەسوفی بەناوبانگ (جۆن ستیوارت میل) دەڵێت ئازادیش پێویستی بەسنورداركردن هەیەو ئەو پێی وایە هەر كاتێك ئازادیی رادەربڕین لەزیانگەیاندن نزیكبووەوە پێویستە سنوردار بكرێت، بەمانایەكی تر (مەریوان وریا قانیع) دەڵێت: «هەر نووسینو قسەكردنێك توندوتیژیی دروست كرد، پێویستە سنوردار بكرێت». لێرەدا مەبەست لەوەیە كە كاركردنی هەندێ نووسەرو رۆشنبیر لەفەزای ئازادیی بەگشتیو ئازادی رادەربڕیندا بەتایبەت توندوتیژیی بەرهەم هێناوەو زیانی بەگروپو چینێكی ئاینیو كۆمەڵایەتیی جیاواز لەخۆی گەیاندووە. بۆیە لەكۆتاییدا گرنگە كار بۆ ئەوە بكرێت كە ئەو هێرشە توندەی لەسەر ئازادیی رادەربڕین هەیە كەمبكرێتەوەو پانتاییەكانی ئازادیی قسەكردنو نووسین فراوانتر بكرێو لەلایەكی تریشەوە دەرفەت نەدرێ كەسانێك بەناوی ئازادیو ئازادیی رادەربڕینەوە سوكایەتی بەرهەم بهێننو لەبری دیالۆگو پێكەوە ژیان توندتیژی پێشكەشی كۆمەڵگەو چینو توێژە جیاوازەكانی بكەن، چونكە لەهەردوو بارەكەدا ئەوەی كە زیانی زیاتری بەردەكەوێت بریتییە لەئازادیی رادەربڕینو خودی رۆشنبیرانو نووسەران.



## ڤینۆس فایەق:

## هەڕەشە لە نووسەر و چالاكوانەكانی بواری ئەدەب و هونەر لەلایەن سیاسییەكانەوە ناچێتە قاڵبی فەتواوە...

پێویستە سەرەتا و پێش ئەوەی بچمە ناو كرۆكی باسەكەوە، پێم باشە ئەوە بڵێم كە ئەگەر ئێمەی رۆشنبیر و رۆشنفكر و دیموكراتیخواز، كە بانگەشە بۆ هەموو پرنسیپەكانی ئازادی دەكەین و داكۆكی لە را و رای پێچەوانە و دژ دەكەین و دەمانەوێ دەسەڵاتی سیاسی و دینی گوێ بۆ دەنگی رەخنە بكاتەوە و سینگی بۆ فراوان بكات،

هیچ کات ئەمە ناکاتە ئەوەی هاتوهاوار و بۆڵەبۆڵ و پێشێلکردنی ئازادییەکانی ئەویتر و حەیابردن و ئابڕووبردن و تەشهیر و سووکایەتیکردن ناکەونە ژێر خانەی ئازادییەکانەوە، چونکە ئازادیی من و تۆ لەو شوێنەدا فراوان دەبێت و چڕۆ ئەکات کە ئەوانی تر بە ئازادی بمێننەوە، ئەو دەمەش ئازادیی من و تۆ تەواو دەبێت کە ئازادیی ئەوانی دیکە پێشێل نەکەین، ئیدی هەموو تەرحێکی زانستی و بە حوججە و ئەکادیمی و کە مەبەست لێی خزمەتی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگابێت و بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خزمەت و ئازادییانە ئازادیی کەسانی دیکە نەخەینە مەترسییەوە، ئەو کات ئەتوانین ئەم قسانەی خوارەوە بکەین.

قسەکردن لەم بابەتە قسەکردنە لە رەهەندی چەپاندنی ئازادییەکان لەلایەن سیاسی و خاوەن دەسەڵاتە حکومییەکانەوە کە بەهۆی ئەو دەسەڵات و ئیمتیازاتانەی لەو پلە و پایە حزبی و حکومیانەی هەیانە، مافی تەواویان بەخۆیان داوە بە پێشێلکردنی یاسا و بازدان بەسەر پرنسیپە دیموکراتی و ئازادییەکاندا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەت و تاکەکەسیی خۆیاندا، ئەگەر ئەوە لەسەر بنەمای سەرکوتکردن و دەمکوتکردنی رۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسەکانیشدا بێت، ئەگەر بشگاتە سنووری کوشتن و خوێنرشتن.. لەبەرانبەر ئەوەشدا دیاردەیەکی دیکە کە پێی دەوترێ (فەتوای ئایینی) هەیە، کە بەداخەوە موفتییەکان بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی و گونجاو و شارستانی و مرۆڤانە ناوبەناو فەتوای سەیر و سەمەرە دەردەکەن، هەروەك خودی پرۆسەی فەتوادانیان کردۆتە هەوڵێکی زەق و ئاشکرا بۆ بەشداریی سیاسی و خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری دەوڵەت و سەپاندنی شەریعەت بە شێوازێکی ناشارستانی بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا، بەمەبەستی زیاتر سنووردارکردنی ئازادییەکان، کە لەزۆر جێگەدا رەهەندی سیستەمی دیکتاتۆریانەی لێدەوەشێتەوە. لێرەدا دەبێت بپرسین کێیە ئەو کەسەی بۆی هەیە فەتوا دەرکات؟ بۆ چ ئامانجێك دەبێت فەتوا دەرکرێت؟ لەبەرانبەر ئەوەشدا دەبێت بپرسین، کێن ئەو سیاسییە دەسەڵاتدارانەی کە پێشێلی یاسا و ئازادییەکان و کۆی سیستەمی دیموکراتی دەکەن؟

ئەگەرچی پیاوانی ئایینی و موفتییەکان ئەڵێن فەتواکان لەسەر بنەمای دەقی ئایینی و ئاشکرا و راشکاوانە بینابوو، بەڵام لەهەمان کاتدا پرۆسەی ئیجتیهادیش هەیە کە زۆربەی زۆری ئەو فەتوایانەی ئەم رۆژگارە دەدرێن هیچی بنەمای تەواو و راستگۆی لەناو خودی شەریعەتیشدا نییە.

لەم بوارەدا هەموو پرۆسەکانی وەکو دەرکردنی هەڕەشە لە دژی نووسەر و چالاکوانەکانی بواری ئەدەب و هونەر لەلایەن سیاسییەکانەوە بەمانا زانستییەکەی ناچێتە قاڵبی فەتواوە، بەڵکو ئەچێتە قاڵبی پێشێلکردنی پرنسیپەکانی دیموکراتییەت و سنووردارکردن و هەندێ جار خنکاندنی ئازادییەکان، کە ئەمەش لەو خاڵەدا کە دەگاتەوە بە سنوورەکانی دیکتاتۆرییەت لەگەڵ هەوڵ و کۆششی پیاوانی ئایینی بۆ چەپاندنی ئازادییەکان و سنووردارکردنی سەربەستییەکان و هەوڵیان بۆ داگیرکردنی بازنە فراوانەکانی بڕیار لەرێی شەریعەتەوە و پێشێلکردنی سەروەریی یاسا یەکدەگرنەوە.. کەواتە تەحسیلی حاسڵ ئەو سیاسییانەی دژ بە ئازادیی دەنگەکان و ئازادییەکانی رادەربڕین دەوەستنەوە هەمان پرنسیپی پیاوانی ئایینیی رادیکاڵ بەرهەم دەهێننەوە و بەهەمان چەك بەرەنگاری پرۆسەی ئازادی و دیموکراتی و دەنگی ئازاد دەبنەوە.

فەتوا هەوڵێکە لە زنجیرەی هەوڵەکان و پرۆسەیەکە لە کۆی ئەو پرۆسانەی کە لە رێگەیەوە هەڵگرانی بیری ئیسلامی سیاسی دەیدەن بۆ قۆرخکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، کە بەدیوی ئەودیودا بەرکەوتنی پرنسیپە دینییەکان لەگەڵ ئازادییەکانی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەو دەمەی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا پێشدەکەوێت لە سایەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیا و بەجیهانیبوون، لەبەرانبەر

ئەوەدا دین بە چەقیوی ئەمێنێتەوە و هیچ چاکسازییەك بەسەر شەریعەتدا لەرێی خوێندنەوە و جارێکی تر نوێکردنەوەی لێکدانەوەی دەقەکانی قورئان نایەت، ئەو دەمە بەرکەوتنە سەختەکە روودەدات، بۆیە دەبینین هێندەی لە ئێستادا دین رۆڵ دەبینێت و دژ دەوەستێت و فەتوا دەردەچێت، لە هیچ سەردەمێکی تردا وانەبووە، چونکە سەرتاپای دونیا بەرەو کرانەوە و پێشکەوتن ئەروات، لە کاتێکدا دین وەکو خۆی ماوەتەوە و هیچ گۆرانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە..

فەتوادان ململانێی شەریعەتە لەگەڵ دەسەڵاتی یاسا و داد فەتوا لەراستیدا بریتییە لە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی یاسا و بەتایبەت دەسەڵاتی داد، چونکە فەتوا بەپێی شەریعەتی ئیسلام بەو بریارە پێناسە دەکرێت کە پێ لە دەسەڵاتی یاسا دەنێت و داوا لەو کەسانە دەکات بۆیان دەردەکرێت کە هیچ دەقێکی یاسایی رەچاو نەکەن.. هەروەها فەتوا جۆرێکە لە مومارەسە کە خەسڵەتی دیکتاتۆریەتی هەڵگرتووە، چونکە کە فەتوا دەرچوو بەپێی شەریعەت بۆت نییە قسەی تیا بکەیت و چەنوچوون بکەیت، بۆت نییە تاتووتوێی بکەیت، هەروەها بەو پێیەش بۆت نییە رەتی بکەیتەوە، جگە لەوەش رەتکردنەوەی سزای لەدواوەیە.

فەتوا لەو شوێنەوە کار دەکات کە وەزیفەی یاسا پێشێل دەکات و لەو شوێنەشەوە جێبەجێ دەکرێت کە رۆحی یاسا دەکوژرێت و داد لە هەموو مانا و دەسەڵاتەکانی بەتاڵ دەبێتەوە..

زۆر گرنگە بزانین ئەوانەی فەتوا دەردەکەن کێن؟ بەڵام پێش ئەوە دەبێت بزانین فەتوا ئەو یاسایەیە کە موسڵمانەکان پەیرەوی دەکەن بۆ رازیکردنی خودا، نەك بۆ رێکخستنی دونیا، کەواتە ئەوان ئیش بۆ (دونیای دووەم) واتا دوای مردنی (جەستە) دەکەن، ئیش بۆ ژیانی ئێستا ناکەن، لە ترسی خودا ئەو ئیشانە دەکەن بۆ رێکخستنی ژیانی رۆژانە نایکەن، بەو ناوەشەوە فەتوا لە هەقی خەڵکانی تر دەردەکەن. لە پشت هەموو فەتوایەکەوە وەبیرهێنانەوەیەکە بە ژیانی دوای مردنی جەستە و عیقاب و سزا و ئەو ئاگرەی خودا جەستەمانی پێدەسووتێنێت. کەواتە پرنسیپی دروستبوونی فەتوا لە بنەمادا بۆ مەبەستێکە کە هەتا ئێستا لای زۆر لە عەلمانییەکان و زۆر لە بیریار و فەیلەسووفەکان جێگەی گومان و دڵەراوکێیە، لە کاتێکدا یاسا لەسەر ئەرزی واقیع و لە ژیانی ئێستا و بە ئامادەبوونی جەستە پەیرەو دەکرێ و ژیانی ئادەمیزاد رێکدەخات. بەم مانایەش فەتوا بریتییە لە بەرجەستەبوونی ململانێی بیری ئیسلام لەگەڵ رۆحی یاسا و داد و رەتکردنەوە هەموو دەسەڵاتەکانی تر لەبەرانبەر دەسەڵاتی شەریعەتدا.

فەتوادان رەتکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عەلمانی و دەسەڵاتی دەرەوەی شەریعەتی دینە:

هەڵبەتە دروستبوونی دەوڵەت بە مانا سەردەمییەکەی و بە رۆحی نوێ و لەسەر بنەمایەکی عەلمانی ئەگەرچی (تەنها زامن و گەرەنتە) بۆ بەرجەستەبوونی هەموو ئازادییەکان بە ئازادیی دینیشەوە، بەڵام هەمیشە شەریعەتی ئیسلام بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی هەستی بە هەرەشە کردووە لەبەردەم دەسەڵاتی یاسای عەلمانیدا. چونکە بەپێی پێوەرە شارستانییەکان کە دەسەڵاتی حکومی لەسەر دروست دەبێت، دادگاییکردن و سزادان تەنها لە دەستی دەسەڵاتی حکومەتدایە لەرێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانییەوە، وەکو دادگا و دادوەرەکان. بەڵام شەریعەتی ئیسلام دێت و لە هەوڵی سەختیدا دەست دەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆی ئەو سیستەمەی ژیانی مرۆڤی بەپێی پێوەرە سەردەمی و شارستانییەکان رێکخستووە و بەتاڵکردنەوەی لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و دارشتنەوەیان بەپێی تێگەیشتن و فەرهەنگی دینی ئیسلامی و بەدیوی ئەویدیویشدا واز ناهێنێت خۆی لە ژیانی سیاسی هەڵدەقورتێنێت و داوای دەسەڵات دەکات، کە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی بکوژە بۆ قۆرخکردنەوەی دەسەڵاتی یاسایی و چرکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەرێوەبردن و بریاردان لەناو دەستی

خۆیدا و گێڕانەوەی مرۆڤایەتیی چەند هەزار ساڵ بۆ دواوە..

فەتوادان قووڵکردنەوەی بۆشایی نێوان یاسا و دین و گرێدانی دینە بە سیاسەتەوە. هێندەی ئێستا فەتواکان دەردەکرێن، جاران وانەبووە، ئێستا بەهۆی تێکهەڵکێشبوونی زۆرەملێی دین بە سیاسەتەوە و خۆهەڵقورتاندنی دین لە کاروباری سیاسەتدا و بەهۆی کرانەوەی ئاسۆکانی ئازادی و سەربەستییە تاکەکەسییەکانەوە کە زۆربەی زۆری هێز و بیرە سیاسی و حزبییە نوێکان بانگەشەی بۆ دەکەن دین زیاتر کەوتۆتە خۆی، لەرێی دەرکردنی فەتوای جۆراوجۆر، بەمەبەستی دانانی سانسۆری زیاتر بەناوی دینەوە لەسەر ئازادییە تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگادا. ئەوەشی شەرعییەتی بەمە داوە بەندی حەوتی ناو رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە هاوشێوەی دەستووری حکومەتی عێراقە. کە دەسەڵاتی دینیی لە ژیانی سیاسی و بەرێوەبردنی حکومەتدا بەهێزکردووە.

ئێستاش تێکەڵییەکی نامەنهەجی هەیە لە نێوان شەرع و سیاسەتدا، هەتا گەیشتۆتە سنووری دەستتێوەردانی فەقیهەکان لە کاروباری سیاسەت و حکومەتەوە، فەتواکان وەکو هەڵوێستی سیاسی پیادە دەکرێن، بەواتایەکی تر هەڵوێستی سیاسی لەلای موفتی لەسەر بنەمای شەریعەتی دینی ئیسلامی بینادەبێت، ئەوەش کە دژ بە بنەما و پرنسیپەکانی پرۆسەی سیاسیی سەردەم دەوەستێتەوە. هەر لێرەوە لێکچوونێکی زەق و دیار هەیە لەنێوان هەڵوێستی پیاوانی ئایینی و موفتییەکان لەگەڵ هەڵوێستی پیاوانی دەسەڵاتی سیاسی و حکومی کە دژ بە ئازادیی بیروڕا و بیری ئازاد، دژ بە نووسەر و رۆژنامەنووسان پیادەی دەکەن، گومان لەوەدا نییە نووسەر و رۆژنامەنووسان و هەموو بوارەکانی تری هونەر و ئەدەب و نووسین مافی تەواویان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و جاری مافی مرۆڤ و بەتایبەت یاسای ١٩ی جاڕی مافەکانی مرۆڤ گەرەنتی کراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو دەسەڵاتە سیاسی و دینییەی لە وڵاتی ئێمە پیادە دەکرێ باوەڕ بەو جۆرە یاسایانە هەیە؟ ئایا باوەڕی بە ئازادیی بیروڕا هەیە؟ ئینجا بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری گەرەنتی چییە لە ئێستا و داهاتوودا ئەو جۆرە مومارەساتانە دەرهەق بە نووسەر و رۆشنبیران دووبارەنەبنەوە و دواجار چی بکرێت بۆ ئەوەی بە رەهایی ئازادیی نووسین بڵاوبێتەوە، ئاخود ئازادی ببێتە کولتوور؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینە، ئەوە ئێمە نین بەنووسین و بە قسە وەڵامی دەدەینەوە، ئەوە یاسا و دەستوورە، من باوەڕم وایە هەتا دەستووری وڵاتێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە ئەو هەموو خوێنەی بۆ خاتری ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسان رشتووە، هەتا دین و شەریعەت سەرچاوەی یاسادانان بێت، یاخود یەکێك لە بنەماکان بێت وەکو ئیدیعا دەکرێت، کە بەگومانم لەوەی هیچ یاسایەك بەبێ لەبەرچاوگرتنی شەریعەت دانرێت، باوەڕم وایە لەو وڵاتەدا هیچ کات کەرامەتەکان پارێزراو نابێت، بگرە سیاسییەکان داکۆکییەکی بکوژیش لەو یاسایانە دەکەن، چونکە لە کۆتاییدا بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پاراستووە. ئەمە جگە لەوەی لەو وڵاتەدا یاسا هیچ سەروەرییەکی نییە، بەهیچ شێوەیەك یاسا لەسەروو هیچ شتێکەوە نییە، هیچ رێزیکی بۆ دانەنراوە، ئیتر تەنها گەرەنتی بزووتنەوەیەکی چاکسازیی سەرتاسەرییە کە بە پلەی یەکەم لایەنی سیاسی و دینی بگرێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی لانیکەم سنوورێکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە مومارەساتانە دانێت.



## تەیب جەبار:

# لە شاری گەورەدا تاك زیاتر دەتوانێ گوێڕایەڵ نەبێ بۆ نەریتو بیری باو و بەزاندنی هەندێ سنوور...

من لەگەڵ ئەوەدا نیم هیچ کەسو گروپێ سنووری پیرۆزیی کەسو گروپی تر ببەزێنێ. مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕی خۆیو بەرپرسە لە هەڵسوکەوتی، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تا ئێستا هیچ کەسو گروپێ قەناعەت ناکات کە جارێ کەس ڕاست ناکات، هەموو کەسو گروپێ خۆی بەڕاست ئەزانێ. ئەمەش کێشەیەکی ئەزەلیی مرۆڤە. هیچ دەسەڵاتو بۆچوونێك بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤ نەیتوانیوە تەواوی ئاسودەیی ڕوحیو خۆشگوزەرانیی ڕەهای بۆ دابین بکات. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵێك لە هەر قۆناغو جێگایەکدا بێت ئەزموونە نەك حەقیقەت. کەڵەکەبوونی ئەزموونیش دەبێتە عەقڵو مەعریفە. مەعریفەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگای مرۆڤ هێشتا نەبووەتە یاساو هەموو کەسو گروپێ لەسەری ڕێککەوتبێتنو پەیڕەوی بکەن. بۆیە ئاساییە جیاوازیو ناکۆکیی بیروبۆچوون لە نێوان کەسانو گروپەکاندا هەبێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم بگاتە فەتوادانو بەکافرکردنی بەرامبەر، یاخود لە ناوبردنو سڕینەوەی. من لەگەڵ ئەوەدام ئەو جیاوازیو ناکۆکیانە بەڕێگای گفتوگۆو نووسینی بابەتیانە چارەسەر بکرێنو هەردوو لا بگەن بەقەناعەت. جارێ مرۆڤایەتی زۆری ماوە بگاتە ئاسودەیی ڕوحیی تەواو و خۆشگوزەرانیی ڕەها. لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەك وڵاتی ئێمەدا کە تازە خەریکە شارەکانی گەشە دەکەنو گەورەدەبن، ئاساییە هەندێ کەسی تاکرەو (فردانی) دەرکەون. لە شاری گەورەدا تاك زیاتر دەتوانێ گوێڕایەڵ نەبێ بۆ نەریتو بیری باو و بەزاندنی هەندێ سنوور. چونکە لە شارۆچکەو لادێدا خەڵك زۆربەی یا هەمووی یەکتر دەناسنو گوێڕایەڵ دەبن بۆ نەریتو بیری باوی خێزانو کۆمەڵگا. بۆیە لەم قۆناغەی وڵاتی ئێمەدا خەڵکی تاکرەو زیاتر دەرئەکەونو سەرپێچی لە نەریتە باوەکان دەکەن، لەبەر ئەوە بەڕای من پێویستە ئەو سەرپێچییە زۆر توندڕەو نەبێو پیرۆزیی کەسانو گروپی تر نەبەزێنێ، هەروەها پێویستیشە گەر کەسێکی تاکرەو قسەیەکی نابەجێی لەدەم دەرچوو یاخود پێشنیارێکی تازە بابەت کرا یاخود دێڕێکی سنوور بەزێن نووسرا، نابێت فەرمانی لەناوبردنو سڕینەوەی بدرێ، بەڵکو دەبێ بەنووسینو گفتوگۆی لۆجیکی چارەسەر بکرێ.